




جۆرج باتای

وەرگێڕانی: هاوار محەمەد


# قوربانیکردن، جەژن، بنەماکانی جیهانی موقەددەس

## فراگمێنتی یەکەم:
## زەروورەت و بنەمای قوربانیکردن

هەر لە زۆر زووەوە بەرچنەکانی زەوی[1]، هەروەها جووتیاران و بەخێوکەرانی ئاژەڵیش، بەروبوومێك یان سەرێك جوانەگایان کردووە بە قوربانی، لەپێناو ئەوەی ڕووەکێك یان ئاژەڵێك پێکەوە لە جیهانی شتەکانەوە بهێننە دەرەوە.

بنەمای «قوربانیکردن[2]» بەکارهێنانێکی مەسرەفگەرانەیە، وێرای ئەوەی ئەم بنەمایە هەندێك جار دەگاتە ڕاددەی لەناوبردنی تەواوەتی (وەك ئەوەی لە «قوربانیکردنە گەورەکان»دا دەیبینین- هۆلۆکۆست)، بەڵام ئەو بەکاربردنەی کە قوربانیکردن ئامانجییەتی، لەناوبردن نییە، بەڵکو ئەو شتەیە و-تەنیا ئەو شتەیە کە قوربانیکردن دەیەوێت لە سەربڕدراوەکەدا بە شێوەی بەکارهێنان لەناوی ببات. قوربانیکردن پێویستی بە پچڕاندن و هەڵوەشاندنەوەی پەیوندیی پاشکۆیەتیی واقیعی ئوبێکتێکە[3]، قوربانیکردنیش لە جیهانی سوود دادەماڵرێت و دەگەڕێنرێتەوە بۆ جیهانی نارۆشنی خواستەکان[4]. کاتێك ئاژەڵی دەستنیشانکراو بۆ قوربانیکردن دەچێتە ئەو بازنەیەوە، کە تێیدا کاهینەکە دەیکاتە قوربانی، ئەوا لەو کاتەدا لە جیهانی شتەکانەوە،-کە بەبێ مرۆڤ بەسەرخۆیاندا داخراون و مرۆڤیش وەك شتانێکی هیچ سەیریان دەکات و لە دەرەوە دەیانناسێت، دەچێتەوە جیهانێك کە تێیدا ئیمانانس و ئاوێزان و ئاوێتە و ئاشنایە پێی، وەکو ژنێکی هاوسەر کە لە سێکسدا جەستەی بەکاردەبرێت. ئەمەیش گریمانەی ئەوە دەکات کە چیتر لە ئاوێزان و تێکەڵبوونەکەی جودا نییە، بەو جۆرەی کە لە دۆخی پاشکۆیەتی بۆ کاردا جودا و دابڕاوە. جودابوونەوەی پێشوەختە لەنێوان کاهین (پێشکەشکەری قوربانی) و جیهانی شتەکاندا، لێکجودابوونەوەیەکی زەروورییە لەپێناو گەڕانەوە بۆ ئاوێزان و ئیمانانس لەنێوان مرۆڤ و جیهاندا، لەنێوان سوبێکت و ئوبێکتدا. پێشکەشکەری قوربانی پێویستی بەوەیە قوربانی بکات، بۆئەوەی لە جیهانی شتەکان جودابێتەوە، قوربانییش لای خۆیەوە ناتوانێت لە جیهانی شتەکان جیابێتەوە، ئەگەر بێتو قوربانیدەر (پێشکەشکەری قوربانییەکە) بۆ ئەم جێگایە نەیبات. قوبانیدەرەکە دەڵێت: »من بە شێوەی ئاوێزان و بە ئیمانانسی لە جیهانی باڵای خوداکان و ئەفسانەکاندام، سەر بە جیهانی دەستاوەڵاییەکی بێڕادە و بێهەژمارم، هەر بەو جۆرەی کە ژنەکەم سەر بە خواستەکانی منە. ئەی قوربانی، من لەم جیهانەی کە تێیدا تەنیا شتێك بوویت، لەم جیهانەی کە واتایەکەت لە دەرەوەی سروشتە ئاوێزانەکەت بوو، دەردەهێنم و هەڵتدەکشێنم. دەتگەڕێنمەوە بۆ نێو ئاوێزانەکەی جیهانی خودایی ، ئیمانانسی هەموو بوونەوەران«.

## فراگمێنتی دووەم:
## ناواقعییەتی جیهانی خودایی

هەڵبەت ئەوە مۆنۆلۆگ (موناجات)ە، چونکە قوربانییەکە ناتوانێت گوێی لێبێت و وەڵامبداتەوە. چونکە قوربانیکردن هەر لە بنەڕەتدا دژ بە پەیوەندییە واقیعییەکانە. خۆ ئەگەر ئەو

پەیوەندییانە ڕەچاوبکات، ئەوا مانای وایە ناکۆکە لەگەڵ سروشتەکەی خۆیدا، کە بە دیاریکراوی، لێکدژە لەگەڵ جیهانی شتە دروستکراوەکانی واقیعی تایبەت و دیاریکراودا. قوربانیکردن ناتوانێت ببێتە مایەی بەکاربردنی ئاژەڵ وەك شت، بەبێ نەفیکردنەوەی واقیعییەتە ئوبێکتییەکەی، ئا ئەمەیشە کە شەقڵێکی سەرشێتانەی ساکار بە جیهانی قوربانیکردن دەبەخشێت. بەڵام کاری نەکردەیە، کە لە یەك کاتدا ئەو بەهایانە تێکبشکێنرێن کە واقعییەتیان لەسەر بەندە و هاوکاتیش قبووڵبکرێن. گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاوێزانی ئیمانانس، ئاگاییەکی لێڵی تێدایە: لەبەرئەوەی ئاگایی پەیوەست بە دۆخی شتەکانەوە، وەك شتانیك کە ڕاستەوخۆ بەبێ هیچ ئاڵۆزیی و ناڕوونییەك دەرکیان پێکراوە، دوورە لەو وێنە ناواقیعییانەی فیکرێك کە بەندە لەسەر بەشداریکردن[5].

## فراگمێنتی سێیەم:
## تێکەڵبوونی ئاسایی مەرگ و قوربانی

نائاگایی ساکاری[6] قوربانیکردن بۆ دوورتریش دەڕوات، تا ئەو جێیەی کە وا دەردەکەوێت کوشتن ڕێگایەکە بۆ سڕینەوەی ئەو لەکە و پەڵەیەی کە بە ئاژەڵەوە لکاوە بەهۆی بەدگۆڕانییەوە لە بوونەوەرەوە بۆ شت. لەڕاستییشدا کوشتن، بە تەواوترین واتای وشەکە، هیچ پێویست نییە. بەڵام گەورەترین نەفیکردنی واقیعییە[7] کە بۆ دەرکەوتنی نەزمی ئەفسانەیی لە هەموو کردەیەك گونجاوترە.

لە لایەکی دیکەیشەوە کوشتنی قوربانیکەرانە چارەسەری لێکدژیی تاقەتپڕوکێنی نێوان مەرگ و ژیانە لە ڕێگەی شێوازێکی هەڵگەڕاوەوە. مەرگ شتێك نییە لە ئیمانانسدا، بەڵام لەبەرئەوەی نا-شتە، ئەوا هیچ بوونەوەرێك بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لێی جیانابێتەوە. جا لەبەرئەوەی مەرگ پێویستی بە واتایە و، لەم ڕووەوە جیاوازی لەنێوان مەرگ و ژیاندا نییە، ئەوا پێویست بە ترس یان بەرەنگابوونەوەی ناکات، چونکە مەرگ هەموو شتێك ڕادەماڵێت بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی ئەوتۆ ببێتەوە. بەردەوامێتیی پەیوەندیی ئاوێزانی ناونشین بەهای خۆی لەدەست دەدات، یان تەنیا بۆ ئەوە هەیە کە هەستکردن بە چێژێکی جێی ڕەزامەندی بەرهەم بهێنێتەوە، کە لە گیرۆدەبوون یان ژانی دەروونییەوە[8] کەوتووەتەوە. بە پێچەوانەوە، دۆخی ئوبێکتیی جیهانی شتەکان، بە واتایەك لە واتاکان دۆخێکی ترانسێنتدنتاڵە (بەتایبەتی بۆ سوبێکت)، بەڵام لەسەر بنەمای بەردەوامێتی دادەمەزرێت: لە واقیعدا هیچ شتێك دۆخێکی جوداوەبوو یان واتایەکی نییە، تەنیا لەو دۆخەدا نەبێت کە لە کاتێکی دواتردا بەرهەم بهێنرێت و بەهۆیەوە وەك شت فۆڕم وەربگرێت. شت وەك هێزێکی بکەر تەنیا ئەو کاتە دیاریدەکرێت کە ئاگاییەك بە شێوەیەکی شاراوە دەرکی بە ماوە زەمەنییەکەی کردبێت. خۆ ئەگەر شت بەکاربربرێت، وەکو خواردەمەنی و سووتەمەنی، ئەوا بخۆر و شتی دروستکراو لە ماوەی زەمەنیدا پارێزگاری لە بەهای ئەو خۆراك و وزەیە دەکەن، وەکو ئامانجی بەردەوامی خەڵوز

و نان[9]. زەمەنی داهاتوو بە شێوازێکی هێندە باش ئەو جیهانە واقیعییە پێکدەهێنێت، کە مەرگ شوێنێکی تێیدا نییە. بەڵام، هەر ڕێك لەبەرئەم هۆکارەیش، مەرگ تێیدا دەبێتە هەمووشتێك. لەڕاستیدا ئەوە لاوازییە (یان لێکدژییە) کە جیهانی شتەکان ڕواڵەتێکی ناواقیعی بەسەر مەرگەوە جێبهێڵێت، وێڕای ئەوەی ئینتیمای مرۆڤ بۆ ئەو جیهانە پەیوەستە بە دۆخی جەستەوە وەك شت بەو پێیەی، کە ئێمە بوونەوەری فانین و دەمرین. لەڕاستیدا ئەمە ڕواڵەتێکی ڕووکەشە. کتومت ئەوە مەرگ نییە، کە شوێنێکی لەنێو جیهانی شتەکاندا نییە ، لە جیهانێکی واقیعیدا ناواقیعییە. مەرگ چاوبەستیی واقیع کەشفدەکات، لەبەرئەوە نا کە غیابی بەردەوامێتی تەنیا ڕوواڵەتگەرییە ڕووکەشەکەی جیهانی واقیع بیردەخاتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئیسپاتکەری گەورەی هاوارێکی پڕ لە ژیانە. نەزمی واقیعی نەفیکردنی ژیان هەڵناوەشێنێتەوە کە مەرگە، هێندەی ئیسپاتکردنی ژیانی ئاوێزان و ئیمانانس هەڵدەوەشێنێتەوە، کە تێیدا توندوتیژی، بەبێ سنوور، مەترسی بۆ سەر جێگیریی شتەکان دروستدەکات؛ ئەم ئیسپاتکردنە تەنیا لە مەرگدا بە ڕوون و ڕۆشنی دەدەکەوێت. دەبێت نەزمی واقیعی، ئەم ژیانە ئاوێزانە هەڵبوەشێنێتەوە-یان بێلایەن بکات و بە شتێکی دیکە جێگای بگرێتەوە، کە تاکەکەسی نێو کۆمەڵگەی کارە[10]. بەڵام ناکرێت ئەمە ڕووبدات بەبێ کەشفکردنی ونبوونی ژیان لە مەرگدا؛ واتە ئەو بریسکە نادیارەی ژیان کە هیچ شتێك نییە. هێزی مردن واتای ئەوەیە ئەم جیهانەی وا ڕاستەقینەیە

تەنیا دەتوانێت وێنەیەکی خۆڵەمێشیی[11] دەربارەی ژیان هەبێت، پەلکەزێڕینەی ژیانیش تەنیا لە ساتی سڕینەوەیدا لەنێوچوونە دەرەوشاوەکەی خۆی دەردەخات. ئەو کاتەی کە هەیە هیچ کەسێك بە بوونی نازانێت، چونکە بە خاتری شتە واقیعییەکان فەرامۆشکراوە: مردنیش وەك شتەکانی تر شتێکی واقیعییە. بەڵام لەناکاو ئەوە دەردەخات کە کۆمەڵگەی واقیعی درۆی کردووە. ئەو کاتە لەدەستچوونی شت، ئەندامی سوودبەخش، ئەو شتە نییە کە بە بیردا دەهێنرێت و سەرنجی لێدەدرێت؛ ئەوەی کۆمەڵگەی واقیعی لەدەستی داوە ئەندامێك نییە، بەڵکو حەقیقەتەکەیەتی. ئەم ژیانە ناونیشنە ئاوێزانەی کە چیتر دەسەڵاتی ئەوەی نییە بەتەواوەتی پێمبگات، کە وەك شت بیرم لێکردووەتەوە و دەرمبڕیوە، تەنیا لە ڕێگەی غیاب و ونبوونییەوە دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هەستیاریی من. مەرگ ژیان لە پڕێتییەکەی خۆیدا دەردەخات و نەزمی واقیعی تێکدەشێکێنێت. ئەوەیش زۆر گرنگ نییە، کە مەودایەکی زەمەنی پێویستی بەم نەزمە واقیعییە و داوای دەکات، کە چیتر بوونی نەماوە. لەو ساتەیشدا کە ڕەگەزێك لە داواکەی ڕادەکات، ئەوەی دەمێنێتەوە کیانێك[12] نییە، کە هەڕەشەی لەنێوچوونی لەسەرە و زەحمەت دەکێشێت: ئەم کیانە، ئەم نەزمە واقیعییە، بەتەواوەتی هەڵدەوەشێتەوە. ئیتر بوونی نامێنێت، بەڵام ئەو فرمێسکانەی کە مەرگ دەیانهێنێت، بەکاربردنێکی بێسوودی نەزمی ئاوێزانن.

ئەو بۆچوونە بۆچوونێکی ساویلکانەیە کە پەیوەندیی توند لەنێوان مەرگ و غەمگینیدا[13]

دروستدەکات، لەبەرئەوەی واتای فرمێسکەکانی ئەوانەی دەژین، کە جاری وا هەیە لە خۆشحاڵیشدا لە چاویان دەتکێت، هەمیشە پێچەوانەی واتای فرمێسکی ساتەکانی خۆشحاڵی نییە. فرمێسکەکان بەبێ ئەوەی فرمێسکی ئازاراوی و غەمگینی بن، گوزارشت لە هۆشیارییەکی تیژ[14] دەکەن بە ژیانی هاوبەش کە لەنێو ئاوێزانی ناونیشیندا لەخۆگیراوە. لەڕاستیدا ئەم هۆشیارییە تیژە تەنیا ئەو کاتە دەگاتە ئەو ئاستە بەزرەی هۆشیاری، کە دەستبەجێ غیاب جێی حزوور بگرێتەوە، وەکو ئەوەی لە حاڵەتی مردندا هەیە، یان وەك ئەوەی تەنیا لە حاڵەتی جیابوونەوە [لە ژیان]دا هەیە. لەم حاڵەتەدا، ئیشراق [ئارامبوونەوە[15]] (بە واتا بەهێزەکەی وشەکە، وەك ئەوەی لای سۆفییەکان هەیە)، پەیوەستە بە هەستکردن بەو ڕاستییە تاڵەوە، کە ناشێت ئەو ساتە بەردەوام بێت؛ بەڵام ڕێك نابەردەوامێتییەکەی و تێپەڕبوونی ماوە زەمەنییەکەیکە تێکەڵە بە چەند ڕەفتارێکی بەرزەخییانەیش، ئەوەیە کە قووڵایی شتەکان، واتە هەمان پرشنگی ڕووناکیی ئیشراق، کەشفدەکات (بە گوزارشتێکی دیکە، ئاشکرایە ئەوەی ژیانمان لێدەبات و لێدەشارێتەوە پێویستبوونە بە بەردەوامێتی، بەڵام لەڕووی تیۆرییەوە مەحاڵبوونی بەردەوامێتی، تەنیا شتێکە کە ڕزگارمان دەکات). لە بەرامبەردا، لە حاڵەتەکانی تردا، فرمێسکەکان، وەڵامی سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو و بەختێکن کە دڵخۆشمان دەکات، بەڵام ئەمە هەمیشە بە شێوازێکی نابەجێ ڕوودەدات، دوور لە غەمی زەمەنی داهاتوو.

**فراگمێنتی چوارەم:**

**بەکاربردنی قوربانی:**

ئەو هێزەی کە بەگشتی هی مەرگە، واتای قوربانی ڕووندەکاتەوە، کە هەمان کاری مردن دەکات، بەوپێیەی کە بەهایەکی لەدەستچوو دەگەڕێنێتەوە لە ڕێگەی وازهێنانەوە لەم بەهایە. بەڵام مردن، بەناچاری پەیوەست نییە بە قوربانیکردنەوە، دەشێت گەورەترین ڕێوڕەسمی قوربانیکردن، خوێنی تێدا نەڕژێت. قوربانیکردن کوشتن نییە، بەڵکو دەستبەرداربوونە، پێدانە، بەخشینە. کردەی کوشتنەکە تەنیا واتا قووڵەکە دەردەخات. گرنگ دەرچوون و پەڕینەوەیە لە نەزمێکی هەمیشەییەوە، کە تێیدا بەکاربردنی سەرچاوەکان[16] (الموارد) پەیوەستە بە زەرووڕەتی بەردەوامێتییەوە، بۆ توندوتیژیی بەرکاربردنێکی بێمەرج[17]؛ گرنگ بەجێهێشتنی جیهانی شتە واقیعییەکانە، کە واقیعیبوونەکەی لە پرۆسەیەکی دووردرێژەوە -هەرگیز لە ماوەیەکی کورتدا نەبووە- هاتووەتەئاراوە، یان لە جیهانێکەوە پەیدابووە کە دەخوڵقێنێت و بەردەوامی ]بە شتەکان[ دەدات (جیهانێك کە لەپێناو بەرژەوەندیی واقیعی بەردەوامدا خەریکی خوڵقاندنە). هەروەها قوربانیکردن دژی ئەو بەرهەمهێنانەیە کە پەیوەستە بە ئایندەوە، بۆیە قوربانیکردن تەنیا سوودەکەی لەم ساتەی ئێستادایە. بەم واتایە، قوربانیکردن دیاری و بەخشین و دەستبەردابوونە، بەڵام ئەو شتەی کە دەبەخشرێت ناکرێت ببێتە بابەتی پاراستن و هێشتنەوە لە لای ئەو کەسەی، کە دیارییەکەی پێدراوە: ڕێك پێشکەشکردنی شتێك وەك قوربانی،

وا لەو شتە دەکات یەکسەر بچێتە نێو جیهانی بەکاربردنی خێراوە[17]. گوزارەی «قوربانیکردن بۆ پەرستراوەکان[18]»یش هەر ئەم واتایە دەگەیەنێت، جەوهەرە پیرۆزەکەیشی بە ئاگر بەراوردەکرێت. قوربانیکردن پێدان و بەخشینە، بەو جۆرەی خەڵوزی بەردین دەرخواردی کوورە [فڕن] دەدەین. بەڵام کوورە، زۆربەی جار، سوودێکی نکوڵیلێنەکراوی هەیە، کە خەڵووزەکە ملکەچی دەبێت، لە کاتێکدا دیاری لە قوربانیکردندا لە هەرسوودێك خاڵییە.

ئا ئەمە، ڕێك بەوردی واتای قوربانیکردنە، بەو مانایەی قوربانیکردن تەنیا بەو شتانە دەکرێت کە شایانی بەکارهێنانن و دەتوانن سوود بگەیەنن؛ قوربانی بە شتانێك ناکرێت کە بۆ کەشخەیەتی و پۆزلێدان بن، کەس نییە قوربانی بە شتانێك بکات، کە هێندە گرانبەها بن شایەنی بەکارهێنان نەبن، هەروەها نایشکرێت قوربانی بکرێت ئەگەر بێتو بابەتی قوربانییەکە پێشتر بەکاربرابێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە کەشخەیەتی ئیشی دروستکردنەکە[20] لە سوودبەخشییەکەی دادەماڵێت بەرلەوەی بەکاربرێت، ئینجا ئەم ئیشە لە کەڵك دەخات و لەنێو داوێکی بێسوودا لەناوی دەبات، بگرە لە هەمان ساتدا بەیەکجاری لەدەستی دەدات. قوربانیکردن بە شتێکی گرانبەها و خۆشەویست، کە گونجاوە بۆ کەشخەیەتی و تەنیا بۆ هێشتنەوە دەگونجێت، واتای دووجار قوربانیکردنە بە هەمان ئوبێکت [بەم مانایە ئەم جۆرە ئوبێکتە لە ساتی قوربانییەکەیدا دەبێتە ئوبێکتێك کە دووجار بەکاربراوە، ئەمەیش پێچەوانەی بنەمای قوربانییە].

هەروەها ناتوانین قوربانی بە شتێك بدەین، کە یەکەم جار لە ئیمانانس نەهێنرابێتە دەرەوە؛ بە دەربڕینێکی دیکە، شتێك بۆ قوربانی ناشێت، کە سەر بە ئیمانانس نەبووبێت، لە دواتریشدا بۆی ملکەچ نەبووبێت و دەستەمۆ نەبووبێتەوە و نەکرابێتەوە بە شت. قوربانیکردن بە شتەکان دەشێت ڕۆحەکان بێت وەکو ئاژەڵەکان و جەوهەرە ڕووەکییەکان. بەڵام ئەمانە بوونەتە شتەکان، بۆیە دەبێت بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو ئیمانانسەی کە لێوەی هاتوون، بۆ نێو بازنەی لێڵی ئاوێزان و ناونشینی لەدەستچوو.

**فرمێسکەکان بەبێ ئەوەی فرمێسکی ئازاراوی و غەمگینی بن، گوزارشت لە هۆشیارییەکی تیژ دەکەن بە ژیانی هاوبەش کە لەنێو ئاوێزانی ناونیشیندا لەخۆگیراوە**

## فراگمێنتی پێنجەم:
## تاکەکەس، ژانی دەروونی، قوربانیکردن

ناتوانیـن بـە شـێوازی ئەنجامگیـری[21] گوزارشـت لـە ئاوێـزان بکەیـن.

خۆخواردنـەوە تـا ڕاددەی ناڵیـن، ئـەو خەشـمەی کـە لەگـەڵ کیـرەی لەیەکگیرکردنـی ددانـەکان و گریانـدا دەتەقێتـەوە، ئـەو داخزانـەی کـە نازانرێـت لـە کوێـوە دێـت و بـەرەو کـوێ دەچێـت؛ کاتێك لـە تاریکاییـدا ترس بـە بەرزتریـن دەنگـی خـۆی گۆرانـی دەڵێـت؛ ڕەنگپەڕیـن و چاوانـی ئەبڵـەق، ئارامییەکـی غەمگینانـە، جۆشـهاتن، هێڵنجدانـەوە.... هەرهەمووویـان پەنجەرەکانـی هەڵهاتنـن[22].

ئاوێزانـی ناونیشـین بـە واتـا بەهێزەکـەی هەمـوو ئـەو شـتانەیە کـە غیابێکـی تاکەکەسییانەی سـەیر و توندنیـان هەیـە، هـاژەی چـەم و سـافیی ئاسـمانی سـاماڵیان هەیـە: ئەمـە پێناسـەیەکی نەرێنییـە، کـە ناوەڕۆکـە جەوهەرییەکـەی نوقسـانە.

ئـەم ڕوونکردنەوانـە بەهایەکـی نـاڕوون و لێڵیـان هەیـە، بەهایـەك کـە ناتوانیـن بەدەسـتی بهێنیـن؛ لـە بەرامبـەردا پێناسـەی ڕوون و وردەکار، درەخـت دەخاتـە بـری دارسـتان[23]، وەکـو چـۆن ڕوون و ئاشـکرایی تایبـەت دەخاتـە شـوێنی ئـەو شـتەی کـە پێویسـتە ڕوونبکرێتـەوە. وێڕای ئەوەیش پەنا بۆ ڕوونکردنەوە دەبەم.

ئاوێزانـی ناونیشـین، بـە شـێوەیەکی لێکدژانـە توندوتیژییـە، بەکاربردنـە، چونکـە تێهەڵکێـش و هەماهەنـگ نییـە لەگـەڵ دۆخـی تاکەکەسـی جیاوەبـوو و تایبەتـدا. ئەگـەر لـە ڕێگـەی کـردەی قوربانییـەوە تاکەکـەس وەسـفبکەین، ئـەوا دڕدۆنگـی و ژانـی دەروونـی وەسـفناکرێت، خـۆ ئەگـەر قوربانیکـردن ئـازاردەر[24] بێـت، ئـەوا لەبەرئەوەیـە کـە تاکەکـەس تێیـدا بەشـداری دەکات. تاکەکـەس، لـە کاتـی ئـەو جووڵـە کتوپـڕەدا کـە قوربانییەکـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئیمانانـس یـان ناونشـین، لەگـەڵ قوربانییەکـەدا هاوشـوناس[25] دەبێـت. بـەڵام هاوشوناسـیی لـە گەڕانـەوەدا بـۆ ئیمانانـس تەنیا بـەو هۆیە دروستنابێت، کـە قوربانییەکـە شـتە و قوبانیکەرەکـە تاکەکەسـە. تاکەکەسـی جووداوەبـوو [لـە ئیمانانـس] خۆیشـی لـە هەمـان سروشـتی شـتە؛ لەوەیـش زیاتـر، نیگەرانـی لـە مانـەوەی کەسـییانە لـە ژیانـدا، کـە تاکگەرایـی دەخاتـەڕوو و جەختـی لێدەکاتـەوە، پەیوەسـتە بـە تێهەڵکێشـکردنی بوونـەوە بـە جیهانـی شـتەکان. بـە گوزارشـتێکی دیکـە، کارکـردن و تـرس لـە مـردن پێکـەوە پەیوەسـتن. یەکەمیـان شـت لەخـۆ دەگرێـت و بـە پێچەوانەیشـەوە. بگـرە ئەوەیـش پێویسـت نییـە کـە مـرۆڤ کاربـکات، بۆئـەوەی لـە پلەیەکـی دیاریکراودابێـت کـە بـە شـتی تـرس[26] وەسـفبکرێت: مـرۆڤ تاکەکەسـییانەیە، چونکـە تێگەیشـتنەکەی پەیوەسـتی دەکاتـەوە بـە بەرەنجامـی کارەکەیـەوە. بـەڵام مـرۆڤ شـت نییـە، چونکـە هەسـت بـە تـرس دەکات، بـە هەمـان شـێوە دەتوانێـت باوەڕیشـی هەبێـت. ئەگـەر مـرۆڤ تاکەکـەس نەبووایـە (شـت بووایـە) هەسـتی بـە نیگەرانـی ]یـان ژانـی دەروونـی[ نەدەکـرد، سـەرچاوەی نیگەرانییەکەیشـی ئەوەیـە کـە تاکەکەسـە. لـەو چوارچێوەیـەدا کـە جیهانـی شـتەکان بەردەوامێتیـی خـۆی وەك مەرجێکـی سـەرەکیی بەهـا

و سروشتی مرۆڤ داناوە، تاکەکەس تەنیا بۆ ئەوە فێری نیگەرانی دەبێت، کە وەڵامی داخوازییەکانی شت بداتەوە. هەر کە دەچێتە نێو پانتایی پرۆژەکانەوە، کە نەزمی شتەکانە، یەکسەر ترسی مردن دایدەگرێت. مەرگ نەزمی شتەکان تێکدەدات و نەزمی شتەکانیش ئێمە لەخۆی دەگرێت. مرۆڤ لەو نەزمە ئاوێزانە دەترسێت کە لەگەڵ جیهانی شتەکاندا تەبا نایەتەوە و بۆ ئاشتەوایی دەستنادات. ئەگەر ئەمە نەبووایە نە قوربانیکردن دەبوو، نە مرۆڤایەتییش. نەزمی ئاوێزانیش لە بەکاربردن و نیگەرانیی موقەدەسی تاکەکەسدا دەردەکەوێت. لەمیانەی شڵەژانی تاکەکەسیشەوە دەبێتە شتێکی موقەددەس، باڵا، شکۆدار، کە شەبەنگی نیگەرانی لە دەوری خەرمانەی دەدات، چونکە مرۆڤ لەو نەزمەدا پێدراوێکی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو لە ڕێگەی شتێکی مەترسداری نێو سروشتی خۆیەوە و (لەو پرۆژانەوە کە سروشتەکەی پێکدەهێنن) بەشداریی لە نەزمەکەدا کردووە.

## فراگمێنتی شەشەم:

## جەژن

موقەددەس فوارەکردنی سورسوڕەێنەرانەی[27] زێدەژیانە، ئەو زێدەژیانەی کە نەزمی شتەکان لەپێناو دەستەبەرکردنی بەردەوامێتیی زەمەنیدا، کۆتوبەندی دەکەن؛ لێرەوە کۆتکردن و بەربەستکردن ئەم زێدەژیانە بەرەو جۆشان و دەرچوون و فیچقەکردن دەبەن، واتە بەرەو توندوتیژی، کە بەبێ پچڕان هەڕەشەی ڕووخاندن و خاپوورکردنی بەربەستەکان دەکات، هەڕەشە لە چالاکیی بەرهەمهێنەر دەکات لە ڕێگەی جووڵەی بێسنوور و هەڵچووی بەکاربردنی ڕووتی سەرکێشانەوە. موقەددەس ڕێکدەکرێت بەو مۆمە بەراوردبکرێت، کە لە دارستان بەردەبێت و بەکاری دەبات و مەسرەفی دەکات. موقەددەس وەک گرگرتنی بێسنوور[28]دژ و پێچەوانەی شتە: بڵاودەبێتەوە و تەشەنەدەدات، گەرمایی و ڕووناکی پەخشدەکاتەوە، دەسووتێنێ و ڕۆشندەکاتەوە. ئەوەی گڕدەگرێت و ڕۆشندەبێتەوە لای خۆیەوە کتوپڕ دەسووتێ و ڕۆشندەکاتەوە. قوربانیکردن وەکو هەتاو (خۆر) دەسووتێ و هێدی هێدی لە تیشکە بێڕادەکەیدا بە شەوارەمان دەخات و خۆی نامێنێت، چونکە چاوانی ئێمە توانای ئەوەیان نییە ڕۆشنی بکەنەوە، بەڵام هەرگیز دوورەپەرێز نییە، بەڵکو لە جیهانێکدا کە لە تاکەکەسەکان پێکهاتووە، داوای نەفیکردنەوەیەکی گشتیی تاکەکەسەکان دەکات وەک تاکەکەس.

جیهانی خودایی درماوییە[29] و درمەکەیشی مەترسیدار و ماندووکەرە. لەڕووی تیۆرییەوە، ئەوەی بۆ قوربانیکردن دەستنیشانکراوە، وەکو ئەوە وایە بچێتە نێو گەمەیەکی بەناڵەونرکەوە: لەڕووی تیۆرییەوە، سنوورێک نییە بۆ سووتاندن. ژیانی مرۆیی، نەک ئاژەڵی، بۆ ئەم گەمەیە گونجاوە؛ بەرەنگاری[30] دژ بە ئیمانانس فەرمان بە تەقینەوەی فرمێسکە ئازاراوییەکان و چێژی نیگەرانییەک دەکات، کە بۆ وەسفکردن دەستنادەن. ئەگەر مرۆڤ بەبێ هیچ دوودڵییەک خۆی ڕادەستی ئیمانانس بکردایە ئەوا

دەبوو لە مرۆڤایەتیدا شکست بهێنێت، بەم مانایە تەنیا بۆ ئەوە مرۆڤایەتی کامڵدەکرد، کە لەدەستی بدات و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا دەگەڕایەوە بۆ ئەو ئیمانانسەی کە وەك ژیانی ئاژەڵی هیچ ئاگاییەکی تێدا نییە. بەڵام مەحاڵە مرۆڤ لە دەرەوەی بوونی شت بوونی هەبێت، مەحاڵە مرۆڤ لە سنووری شتەکان دەربچێت، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە نێو خەوی ئاژەڵی، ئەم مەحاڵێتییە کێشەیەکی زەقە و چارەسەرە سنووردارەکەی خۆی لە شادیگێڕانی جەژندا دەبینێتەوە.

جووڵەی سەرەتایی جەژن[31] لە دۆخی ڕەسەنی مرۆڤایەتیدا پێدراوە، بەڵام تەنیا ئەو کاتە دەگاتە پڕبوونە فوارەکردووەکەی، کە چڕبوونەوەی ئازار لە کاتی قوربانیکردندا بەرهەمی بهێنێت. جەژن کۆمەڵێك لەو خەڵکانە کۆدەکاتەوە کە بەکاربردنی قوربانیەکی درمئاسا (خواردنی قوربانی)، ئامادەیان دەکات، بۆ جەزبە و جۆشهاتن و گڕگرتن، بەڵام بە حیکمەتێك سنووردارکراوە کە دەلالەتێکی پێچەوانەی هەیە، ڕوونتر بڵێین: لە جەژندا ئارەزووی مەسرەفکردن[32] زۆر دەبێت، بەڵام حیکمەتێکی پارێزەریش هەیە کە ڕێکیدەخات و سنوورداری دەکات. لە لایەکەوە هەموو تواناکانی مەسرەفکردن پێکەوە کۆدەبنەوە: سەما، شیعر، میوزیك و سەرجەم هونەرەکان، کە بەشدارن لەوەی جەژن بکەنە شوێن و کاتێك بۆ دەرچوون و هەڵقوڵانی نمایشییانە. بەڵام ئەو هۆشیارییەی کە لە وەختی قوربانیکردندا لە ئازارەوە بێداربووەتەوە، لە جووڵەیەکی هەڵگەڕاوەدا کە نە دەتوانێت لەگەڵ بێبەربەستی و قوڵپدانی ئاوێزاندا تەبابێتەوە، نە دەتوانێت کۆنترۆڵیشی بکات، بەرەو نەزمی شتەکان دەخزێت، نەزمێك کە پاڵهێزی خۆی لە دەرەوە وەردەگرێت -چونکە لەڕووی جەوهەرییەوە کۆتوبەندکراوە و خۆبەخۆیش فەلەجە-. بەم جۆرە ئەگەر جەژن فوارەکردن و خوڕی بێت، ئەگەر لە دواجاردا کۆتوبەند نەکرابێت، ئەوا لانیکەم لە سنوورەکانی واقیعدا قەتیس دەبێتەوە، بەم جۆرە واقیع نەفیکەرەوەیەتی. تەنیا لەو بازنەیەدا حەوسەڵەی جەژن دەکرێت، کە پێویستییەکانی جیهانی دنیایی ئاسایی دابینبکات[33].

## فراگمێنتی حەوتەم:
## دیاریکردن و تەفسیرکردنی سوودگەرایانەی جەژن، خەمڵینی گرووپەکە

جەژن یەکانگیریی ژیانی مرۆییە. بۆ شت و تاکەکەس، لە بۆتەیەك دەچێت، کە تێیدا جیاوازاییەکان، بەهۆی گەرمای زۆری ژیانی ئاوێزانەوە لەناو یەکتریدا دەتوێنەوە. بەڵام ئاوێزانییەکەی لە خەملاندنی واقیعی و بەتاککراوی[34] کۆمەڵی بەشدار لە ڕیتواڵەکاندا، هەڵدەوەشێتەوە. لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵێکی واقیعی[35]، لەپێناو بەرژەوەندیی فاکتێکی کۆمەڵایەتی کە وەك شت پێدراوە -بە مەبەستی بەشداریکردن لە کردەیەکی هاوبەشدا لەپێناو زەمەنی ئایندە- جەژن سنووردار دەبێت: جەژنیش لای خۆیەوە وەکو ئەڵقەیەك لە زنجیرەیەکدا، تێهەڵکێشی کارە

سوودبەخشەکانە. جا بەو پێیەی جەژن، لەوپەڕی خۆیدا، شادی، خواردن و خواردنەوە، تێکڕژان و ئاهەنگی سێکسییە، ئەوا لە ئیمانانسدا ڕۆدەچێت و سنوورەکانی جیهانی ڕۆحە پەرشوبڵاوەکان تێدەپەڕێنێت، بەڵام تەنیا بە نێوانگیریی ڕۆحەکان جووڵە ڕیتواڵییەکانی بەرەو جیهانی ئیمانانس دەخزێن. جا لەبەرئەوەی ئەم ڕۆحانە لە جەژندا لەدایکدەبن، لەبەرئەوەی قوربانییەکە پێشکەشی ئەوان دەکرێت، ئینجا لەبەرئەوەی قوربانیکراوەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئاوێزانییەکەی ئەوان، ئەوا هێزێکی کارایان دەدرێتەپاڵ لەو جۆرە هێزەی کە دەدرێتە پاڵ شتەکان. تەنانەت لە دواجاردا، وەك هێزێکی کارا لە جەژن خۆیشی دەڕوانرێت، هێزێك کە هیچ گومانێك لە کارایەکەیدا نییە. توانای بەرهەمهێنان[36] و زۆرکردنی بەروبومی کێڵگەکان و گەلەکاکان، پەیوەستن بە کۆمەڵێك ڕێوڕەسمەوە، کە فۆرمە هەرە کارا و ئەکتیڤەکەی ئەوەیە، لەپێناو زەلیلنەبووندا، دەست لە بەشێکی بەروبوومەکان هەڵبگیرێت بۆئەوەی هەرهەمووەکەی لەبەردەم فۆرمە توندوتیژییە ترسناکەکانی جیهانی خودایاندا لەدەست نەدرێن. بەهەرحاڵ، کۆمەڵ[37] لە جەژندا پێش هەمووشتێك وەك شتێك دەردەکەوێت کە تاکایەتییەکەی خۆی دیاریدەکات و کاری هاوبەش لەپێناو بەردەوامێتیدا ئەنجامدەدات. جا ئەمە چ بە پۆزەتیڤ بێت لە کاتی بەپیتبووندا یان نەرێنی بێت لە کاتی داواکاری و هەوڵدان بۆ ڕازیکردندا. جەژن گەڕانەوەی ڕاستەقینە نییە بۆ ئیمانانس، بەڵکو تەبایی و ئاشتییەکی ئاسایی و پڕ لە نیگەرانییە لەنێوان پێویستییە لێکدژەکاندا. کۆمەڵەکە لە جەژندا هەر بەسادەیی وەك ئوبێکت خۆی پیشان نادات، بەڵکو بەگشتی وەك ڕۆح خۆی دەردەخات (واتە وەك سوبێکت-ئوبێکت)، بەڵام بەهای خەمڵێنەکەی لەوەدایە ئیمانانسی جەژن سنووردارێکات، لەبەرئەم هۆکارە دیوە شتییەکەی[38] بەڕوونی زەق دەبێتەوە. ئەگەر ئەو ئیمانانسە بوونی نەبووایە یان ئەگەر چیتر بوونی نەمابێت، ئەوا پەیوەندیی کۆمەڵەکە بە جەژنەوە لەنێو ئەو فۆرمە کارایانەدا دەبوو، کە ئامانجە سەرەکییەکەیان بریتییە لە بەرهەمهێنراوەکانی کار و بەرچنینەوە و بەرهەمی ئاژەڵان. ئاگاییەکی ڕوون نییە بەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە جەژن چییە (جەژن چییە لە ساتی دەرچوون و بێبەربەستی و خورییەکەیدا)، تەنیا لەنێو بواری سازان و تێهەڵکێشبوون لەگەڵ بەردەوامێتیی کۆمەڵەکەدا نەبێت، دەنا ئیدی بە ڕوون و ڕۆشنی لە ئاگاییدا بوونی نییە. ئەوەیش جەژنێکە (قوربانیکردن بە جۆشوخرۆش و گوڕوتینەوە) کە لە ئاگاییدا هەیە (شوێنکەوتەی مەودای زەمەنیی شتی هاوبەش کە لای خۆیەوە ناهێڵێت بەردەوام بێت)، بەڵام ئەمە زۆر بەباشی مەحاڵێتییە سەیرەکەی جەژن و سنوورەکانی پەیوەست بە ئاگاییە ڕوونەکەی مرۆڤ پیشاندەدات. جەژن جەژن دروستدەکات بۆ ئەوەی مرۆڤ ببەنەوە بۆ نێو ئیمانانس، بەڵام مەرجی گەڕانەوە تاریکبوونی ئاگاییە. کەواتە مرۆڤایەتی -بەو پێیەی کە ئاگایی ڕوون

لە ئاژەڵەکان جیای دەکاتەوە- ناگەڕێتەوە بۆ ئیمانانس. فەزیلەتی جەژن ئاوێزانی سروشتی مرۆڤ نییە، بە پێچەوانەوە تەنیا لەبەرئەوە بێبەربەستی و خوڕیی جەژن مومکین بوو، چونکە ئاگایی نەیدەتوانی وەك ئەوەی هەیە دەرکی بکات، کێشەی سەرەکیی ئایینیش ئا لەم نکوڵیکردنە حەتمییەی جەژندایە. ئاگایی مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەندا لە ناوەڕۆکە بەربەستکراوەکانی دەرنەچووایە، ئەوا نەدەگەیشتە ڕوون و ڕۆشنی، بەڵام ئاگایی ڕوون خۆیشی بەدوای ئەو شتەدا وێڵە کە خۆی ونی کردووە، بەدوای ئەو شتەدا کە هەرجارێك لێی نزیکدەبێتەوە زیاتر ونیدەکات. بەدڵنیاییەوە، ئەو شتەی کە ئاگایی ونیدەکات، لە دەرەوەیەوە نییە، چونکە ئاگایی ڕوون بە شتەکان لە ئاوێزانی لێڵی ئاگایی خۆی، جیادەبێتەوە. ئایین کە جەوهەرەکەی گەڕانە بەدوای ئاوێزانێکی لەدەستچوودا، بەرهەمی هەوڵی ئاگاییەکی ڕوونە، کە دەیەوێت لە سەرجەمدا ئاگایی ببێت بە خود-ئاگایی دەربارەی خۆ: بەڵام ئەم هەوڵە بێئەنجامە، چونکە ئاگایی ئاوێزانییانە تەنیا لەو ئاستەدا بوونی دەبێت، کە تێیدا چیتر ئاگایی پرۆسەیەك نییە بەرەنجامەکەی لەنێو ماوەی زەمەنییەوە دەربکەوێت. بەم مانایە، ئاگایی ئاوێزانییانە لەوێدایە، کە ڕوونی و ئاشکرایی، کە بەرەنجامی پرۆسەکەیە، چیتر پێدراو نییە.

## فراگمێنتی هەشتەم:
## جەنگ: وەهمەکانی هەڵگیرسانی جەنگ و دەرپەڕینی بەرەو دەرەوە

تاکایەتیی کۆمەڵگە کە بۆتەی جەژن دەیتوێنێتەوە، هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئاستی کارە واقیعییەکان[39] -بەرهەمهێنانی جووتیاری- لە سنوورەکانی خۆیدا دەردەکەوێت، کە قوربانیکردن تێهەڵکێش بە جیهانی شتەکان دەکات. بەم شێوازە، یەکێتیی گرووپەکە توانای ئەوەی دەبێت توندوتیژییەکی وێرانکەر[40] ئاڕاستەی دەرەوە بکات.

لەڕووی بنەماییەوە، بەدیاریکراوی توندوتیژیی دەرەکی، لەگەڵ قوربانیکردن یان ئەو جەژنەی کە تێیدا توندوتیژی وێرانکارییەکەی خۆی ئاڕاستەی ناوەوە دەکات، لێکدژە. تەنیا ئایین بەکاربردنێك دەستەبەردەکات، کە جەوهەری ناوەکی ئەوانەی دەیانجوڵێنێت، لەکاردەخات. بەڵام کاری چەکدارانە[41] ئەوانی تر یان دارونەداری ئەوانی تر وێراندەکات. سەرەڕای ئەوەیش، دەکرێت بە شێوەیەکی تاکەکەسانە لەنێو گرووپەکەدا مومارەسەبکرێت، بەڵام گرووپە دروستبووەکە دەستدەکات بە مومارەسەکردنی ئەو توندوتیژییە بەرەو دەرەوە، ئەو کاتەیش پەرەدەدات بە بەرەنجامەکانی.

کاری چەکدارانە لە جەنگە کوشندەکان و کوشتارگەکان و تاڵانکاری و ڕاووڕووتدا، واتایەکی نزیکی لە واتای جەژنەکان هەیە، لەبەرئەوەی لەو چوارچێوەیەدا وەك شت مامەڵە لەگەڵ دوژمندا ناکات. بەڵام جەنگ تەنیا ئەو هێزانە نییە کە دەشێت بتەقێنەوە، جەنگ لەو سنوورانەدا

کارێکی لەسەرخۆ و هێواشی وەك قوربانیکردن نییە، بۆیە مەبەستیش لێی گەڕانەوە نییە بۆ ئاوێزان یان ئیمانانسە لەدەستچووەکە، بەڵکو هێرشێکی چارەنووس نادیارە، کە ئاڕاستەکەی بەرەو دەرەوە، جەنگاوەر لەو ئیمانانسە دادەبڕێت وا بەدەستی دەهێنێت. خۆ ئەگەر ئەوە راستبێت کردەی جەنگ بە شێوازی خۆی دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە تاك بتوێنێتەوە، کە بەها تایبەتییەکەی ژیانی جەنگاوەرەکە ڕووبەڕووی مەترسییەکی نەفیکەر بکاتەوە، ئەوا بە پێچەوانەوە، ئەم کردەیە لە گەڵ تێپەڕینی زەمەندا، ناتوانێت جەخت لەسەر ئەو بەهایەی خۆی نەکاتەوە، چونکە تاکەکەسی دەربازبوو لە جەنگ دەکاتە کەسێکی سوودمەند لەو مەترسییە هەڕەشەکەرە.

جەنگ لە چوارچێوەی تاکگەراییەکی سەربەرزانەی جەنگاوەردا پەرەسەندنی تاکەکەس دیاریدەکات، ئەمەیش دوورە لەو دۆخەی تاکەکەس تێیدا وەك شت دەردەکەوێت. تاکەکەسی سەربەرز، بەهۆی نەفیکردنەوەی سەرەتایی تاکگەراییەوە، نەزمی خودایی دەهێنێتە نێو کاتیگۆریی تاکەکەسەوە (کە لە بنەڕەتدا گوزارشت لە نەزمی شتەکان دەکات).

ویستێکی دژەبەریشی[42] هەیە بۆئەوەی نەفیکردنی بەردەوامێتی بکاتە پرۆسەیەکی بەردەوام، بەم جۆرە لە لایەنێك لە لایەنەکانییەوە، هێزەکەی وا لە تواناکەیدا بۆ دروکردن. جەنگ پێشکەوتنێکی بوێرانە[43] دەنوێنێتەوە، بەڵام پێشکەوتنێکی هەرە قێزەون: مرۆڤ بە ساویلکەیی -یان بە گەمژەیی- پێویستی بە هێز هەیە، تاوەکو بێباکیی خۆی بەرامبەر ئەو شتە پیشانبدات، کە لە نرخاندنیدا زیادەڕۆیی دەکات و لافی ئەوەی پێوە لێدەدات، کە بێبەربەستە.

## فراگمێنتی نۆیەم:

## لە توندوتیژیی بێبەربەستی جەنگەوە بۆ بێبەرستکردنی مرۆڤ وەك کاڵا

ئەم مۆرکە درۆزن و ڕووکەشە ئاکامی کارەساتباری هەیە. جەنگ تەنیا فۆرمگەلێکی وێرانکاریی بێهەژمار نییە. ئەو جەنگاوەرەی کە زۆر بەڕوونی دەرك بە سڕینەوەی خواستی گرنگیدانی خۆویستانە بە کار و ئیرادەی کارکردن ناکات، خەڵکانی دیکەی وەك خۆی ملکەچ دەکات، بۆ خزمەتکاری و کۆیلایەتی. بەمەیش لە ڕێگەی توندوتیژییەوە مرۆڤایەتی دەخاتە ژێر باری نەزمی شتەکانەوە، بێگومان جەنگاوەر هۆکار نییە بۆ ئەم پرۆسەی ملکەچپێکردنە. لەبەرئەوەی ئەو پرۆسەیەی کە کۆیلە دەکاتە شتێك، پێویستی بە دامەزراندنێکی پێشوەختەی[44] کار هەیە. کرێکاری ئازاد بە شێوازێکی خۆبەخشانە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی زەمەن، شتێکە. بەڵام تەنیا کۆیلەیە کە نەزمی سەربازی کردوویەتییە کاڵا، ئینجا هەر ئەویشە کە تەواوی ئاکامەکانی ملکەچی هەڵدەگرێت (پێویستە سەرنج لەوە بدەین، کە بەبێ کۆیلایەتی جیهانی شتەکان نەدەگەیشتە پڕێتی و تەواوێتیی خۆی). بەم جۆرە، نائاگایی لاواز لای جەنگاوەر لە بنەڕەتدا بە ئاڕاستەی هەژموونی سیستمی واقیعیدا دەڕوات. ئەو سەربڵندییە موقەددەسەیش کە

بانگەشـەی بـۆ دەکات، هیـچ نییـە جگـە لـە پاسـاوێکی درۆزنانـە بـۆ جیهانێـك، کـە لـە قووڵاییـدا لەژێـر بـاری سـوودگەراییدا لوولبـووە. هەروەهـا خانەدانییەکـەی جەنـگاوەر[45] لـە زەردەخەنـەی سـۆزانییەك دەچێـت، کـە حەقیقەتەکـەی ڕووی لـە سـوودخوازییە.

## فراگمێنتی دەیەم:
## قوربانیکردنی مرۆیی

قوربانیکـردن بـە کۆیلـەکان ئـەو پرەنسـیپە ڕووندەکاتـەوە، کـە پێیوایـە هەرشـتێکی سـوودبەخش دەشـێت بـۆ قوربانیکـردن دەستنیشـانکرابێت. کـردەی قوربانیکردنـی کۆیلـە، کـە کۆیلەبوونەکـەی دارمـان و شکسـتی نەزمـی مرۆیـی دووپاتدەکاتـەوە، قوربانییەکـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئاوێزانـی ئـازاردەری توندوتیژیـی بێبە ر بە سـت .

بـە شـێوەیەکی گشـتی قوربانیکردنـی مرۆیـی چرکەسـاتێکی یەکلاکەرەوەیـە لـە ململانێیەکـدا کـە تێیـدا جووڵـەی توندوتیژیـی بـێ پێـوەر[46]، [زێـدە توندوتیـژی] ڕووبـەڕووی نەزمـی واقیعـی و بەردەوامێتییەکـەی دەبێتـەوە. ئـەوە ململانێیەکـی ڕادیکاڵـترە دەربـارەی لەپێشـتریتیی سـوود[47]، لـە هەمـان کاتـدا باڵاتریـن ئاسـتی سەربەسـتبوون و ترازانـە لـە توندوتیژیـی ناوەکـی. ئـەو کۆمەڵگەیـەی کـە ئـەم قوربانیکردنـەی تێـدا شـکۆمەند دەکرێـت، لـە بنەڕەتـدا جەخـت لەسـەر ڕەتکردنـەوەی ئـەو بۆچوونـە دەکاتـەوە کـە پێیوایـە ناهاوسـەنگی لەنێـوان هـەردوو تووندوتیژییـە جیاوازەکـەدا هەیـە. ئـەو کۆمەڵگەیـەی هێـزە وێرانکەرەکـەی بـەرەو دەرەوە پـاڵ بنێـت نابێـت سـەرچاوەکانی سـامانەکەی لای خـۆی بهێڵێتـەوە، بەڵکـو دەبێـت مەسرەفیـان بـکات؛ خـۆ ئەگـەر دوژمـن بـە کۆیلـە بگیرێـت، ئـەوا دەبێـت لـە تەرزێکـی نمایشـییانەدا[48]، بـە شـێوازێکی سـەربڵندانە ئـەم سـەرچاوە نوێیـەی سـامان بەکاربهێنێـت. ئەمـە پێویسـتی بەوەیـە بـە جۆرێکـی هێندەکـی[49] [جوزئـی] ئـەم شـتانە مـەسرەف بـکات کـە خزمەتـی دەکـەن، لەبەرئـەوەی هیـچ شـتێکی بەسـوود لـە نزیکییـەوە بوونـی نییـە ئەگـەر یەکـەم جـار وەڵامـی پێویسـتییەکانی بەکاربـردن لـە نەزمـی ئەفسـانەییدا، نەداتـەوە. بـەم جـۆرە، تێپەڕاندنـی بـەردەوام بـەرەو مەسرەفکـردن، دۆخـی تاکییانـەی[50] کۆمەڵگـە نەفـی دەکاتـەوە و لـە هەمـان کاتـدا جەختیشـی لێدەکاتـەوە. بـەڵام ئـەم پێویسـتییە بـۆ بەکاربـردن، بـەو ئەندازەیـە دەخرێتـە ئەسـتۆی کۆیلـە کـە دواجـار کۆیلـە ببێتـە موڵـك و شـتی ئـەو کۆمەڵگەیـە تاوەکـو بـۆ بەکاربـردن دەسـتبدات. نابێـت ئـەم پێویسـتییەمان لەگـەڵ ئـەو بزووتنەوانـەی تووندوتیژیـدا[51] لـێ تێکـەڵ ببێـت کـە وەك ئوبێکـت لـە دەرەوەی خۆیـان یـان لـە دوژمـن دەڕوانـن. لـەم ئاسـتەدا قوربانیـدان بـە کۆیلـە قوربانییەکـی پوخـت نییـە. بـە واتایـەك لـە واتـاکان ئەمـە کـردەی درێژکردنـەوەی شـەڕە سـەربازییەکەیە[52]، بـەو واتایـەی ئـەو توندوتیژییـە ناوەکییـەی کـە بـە جەوهـەری قوربانیکـردن دادەنرێـت، تێـر نابێـت. بەکاربردنـی چڕوپـڕ پێویسـتی بـە تێپەڕاندنـە لـە مەسرەفکردنـی سـامانی سوودبەخشـی گەلـەوە، بـۆ مەسرەفکردنـی ئـەو گەلـە

خۆی وەك ترۆپكی قوربانییەكانی، یان لانیكەم بۆ مەسرەفكردنی ئەو ڕەگەزانەی كە گوزارشتی لێدەكەن و بۆ قوربانیكردن دەستنیشانكراون، بەڵام ئەم جارەیان نەك بەهۆی نامۆبوونەوە لە جیهانی موقەددەس -بەهۆی كەوتنەوە- بەڵكو تەواو بە پێچەوانەوە، بەهۆی لێكنزیكبوونەوە یان نزیكییەكی دەگمەنەوە[53]، وەكو حاكم یان منداڵان (كە دواجار كوشتنیان دەبێتەهۆی دووجار جێبەجێكردنی قوربانیكردن).

ناتوانین زیاتر بەناو ئارەزووی بەكاربردنی جەوهەری ژیاندا ڕۆبچین. بگرە ناتوانین لەمە بێدەربەستتر بین. جووڵەی بەكاربردنی زێدەڕۆیانە وەڵامی هەستكردن بە نیگەرانییەك دەداتەوە، كە خولقێنەری نیگەرانییەكی دیكەی توندترە. ئەمە ترۆپكی سیستمی ئایینی نییە، بەڵكو زیاتر ئەو چركەساتەیە كە سیستمی ئایینی خۆی قەرزاردەكاتەوە: لەو كاتەدا كە فۆڕمە كۆنەكان بەشێك لە فەزیلەتی خۆیان لەدەست دەدەن، سیستمی ئایینی تەنیا بە زێدەڕۆییكردن لە توندوتیژیدا و بە تازەكردنەوەی فۆڕمە زۆرتێچووەكان، دەتوانێت بسەلمێت و جێگیرببێت. گەلێك نیشانە هەن بەڵگەن لەسەر ئەو داواكارییە نائاساییانەی وا بەئاسانی تەحەممول نەكراون. گزی و فێڵ دەبنە مایەی قەرەبووكردنەوەی پادشا بە كۆیلەیەك كە مۆڵكایەتییەكی كاتیی پێدراوە. پێگەی بەكاربردن ناتوانێت لە بەردەم پێگەی هێزی سەربازیدا خۆی ڕابگرێت.

## پەراوێزەكان:

1. Fruits of the harvest
2. Sacrifice
3. Object’s real
4. Caprice
5. Participation
6. Puerile unconsciousness
7. Greatest negation of the real
8. Anguish

9. مەبەستی نووسەر لەوەیە كاتێك نان و خەڵوز بەكاردەبرێن، دەبنە مایەی بەردەوامبوونی مرۆڤ یان ئەو بوونەوەرەی تر كە بەكاریان دەبات، بەم جۆرە ئەوان بەشێك لە بەردەوامێتیی مرۆڤ یان بوونەوەرەكە پێكدهێنن و بە درێژایی مانەوەی لەگەڵێدا دەبن، بەو جۆرەی لە دۆخی پەتیی خۆیاندا دەتوانن بەردەوام بن. (و. ك )

10. Society of labor
11. Neutral image
12. An entity
13. Sorrow
14. Keen awareness
15. Consolation
16. Resources
17. Unconditional consumption
18. Abrupt consumption
19. Sacrificing to the deity
20. The labor of manufacture
21. Discursively
22. Evasion
23. Substitute the tree for the forest
24. Distressing
25. Identifies

26. *Thing* of fear
27. Prodigious effervescence
28. Unlimited fire
29. Contagious
30. Resistance
31. Festival
32. Destruction
33. ئەم شیکارییە وردە بلیمەتانەیەی باتای دەتوانێت کۆمەکمان پێبکات بۆ شیکردنەوەی ئەوەی، کە بۆچی لەمڕۆی ژیانی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا جەژنەکان هچ پەیوەندییەکی ئەوتۆیان بە ئیمانانسی خوداییەوە نەماوە، زیاتر دنیایی بوونەتەوە، بۆچی جەژنەکان بوون بە دەرفەتێك بۆ بازاڕگەرمی و مەسرەفگەریی کاڵایی و ڕازاندنەوە و کەڵەکەکردنی سامان، بگرە ڤیستیڤاڵەکان، کە هەر بە واتای جەژن دێن، زیاتر جێگای جەژنیان بە تێگەیشتنە تەقلیدییکەی گرتووەتەوە. ئێستا ڕەنگە هیچ جەژنێکی ڕاستەقینە بوونی نەمابێت. مەبەستم ئەوەیە ساتی جەژن ساتی تەقینەوەی ژیان و سەرڕێژکردنی زێدە-ژیانە، ئەو چرکەساتەیە کە «بەرەنگاری» هەموو بەربەستێك تێکدەشکێنێت و دەوروبەری خاپووردەکات، تاوەکو ژیان بەنێویاندا بڵاوببێتەوە، ڕێك بەم مانایە جەژن شۆڕشە، یان لانیکەم ڕاپەڕین و یاخیبوونە بۆ ئیسپاتکردنەوەی ژیان. بۆ نموونە ئایاری 68 شتێکی لەم چەشنە بوو. جەژنێك کە بەداخەوە لەمڕۆدا بەدیناکرێت. ئێستا پێویستە هانی جەژنگێڕان بدەین بەم مانایە: شۆڕش وەك ڤیستیڤاڵ. هاوکات پێویستە ئاگاداری ئەوە بین، شۆڕش نەبێتەوە بە کەرنەڤاڵ. (و. ك )
34. Individualized
35. Real community
36. Fecundating
37. Community
38. The thing aspect
39. Real works
40. Destructive violence
41. Armed action
42. Contradictory will
43. Bold advance
44. The prior
45. Warrior’s nobility
46. Measureless violence
47. Primacy of utility
48. Spectacular fashion
49. Partly
50. Individual status
51. Movements of violence
52. Military combat
53. Exceptional proximity

**سەرچاوە:**

کتێبی: نظرية الدين - رؤية فلسفية: جورج باتاي، ترجمة، تحقيق: محمد علي اليوسفي, : الناشر: دار معد للطباعة والنشر والتوزيع.